# مرۆڤێکی بەتاڵ لە هەست و ولاتێکی بەتاڵ لە جوانی

**ئیرۆن عومەر**

کورد بە گشتی یەکێکە لەو میللەتانەی خاوەنی بچووکترین کاری ئەندازەییە لە جوانکاری و نەخشەکێشان دا ، کاری جوانکاری و نەخشەسازی(دیزایین) لەسەردەمی ئێستادا یەکێکە لە زانستە گرنگەکان کە ڕۆچۆتە ناو هەموو کارە مرۆیییەکان و زانستیەکان و بوارەکانی ژیان بەگشتی، دیزایین و جوانکاری زانستێکی تازە نین و پێشینەیان لە ناو کەلتووری گەلان دایە و لە کۆنەوە لای زۆر لە گەلانی دنیا سەری هەڵداوە هەر لە گریکەکانەوە تا میسری و ڕۆمانەکان ، ئەمانە بوونە بەشێك لەو میراتە بەسوودەی کە ئەوروپای سەردەمی سەدەکانی پێشوو گرنگی پێداو پێشی خست و کەڵکی لێ وەرگرت ، بەتایبەتی لە لایەنی بیناسازی و پەیکەرسازی و وێنەکێشان دا ، هەر بۆ نمونە کاریگەرییەکی زۆری هونەری سەردەمی ڕۆمانەکان لە کارەکانی مایکل ئەنجیلۆ و دافینشی بەدی دەکرێت ، کە جێ پەنجەی ئەوان و سەدانی وەکو ئەوانیش بەسەر سیمای جوانی ئەوڕوپای ئێستەوە دیار و بەرچاوە .

من لێرەدا نامەوێت باسی زانستی دیزایین بکەم و بیناسێنم کە لە سەردەمی ئێستاماندا بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن پێشکەوتووە ، بەڵکو دەمەوێت باسی نائاشنایی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگای خۆمان بکەم بەو هەستەی لە پشتی پێشکەوتنی کاری دیزایین و جوانکاریەوەیە . بەبێ بەڵگە هێنانەوە و تەنها بە ڕامانێك لە دیمەنی شار و لادێکانمان تێدەگەین کە ئەو ژینگە مرۆییانە چەند لە بێ خاوەنی و بێ هەستی ئێمەدا وێرانن ، بێخاوەنی واتا هەست نەکردن بە بەر پرسیارێتی لە بەرامبەریاندا و بێ هەستیش واتا نەبوونی حەزی جوانکاری لە ناخی مرۆڤەکانی ولاتی ئێمەدا ، نەبوونی ئەو هەستە و ئەو حەزی جوانکاریە لای مرۆڤی کورد شتێکی هەست پێکراوە و نکولی لێ ناکرێت ، کورد بەگشتی هەتا ئێستاش حەز بە جوانی ناکات و بەلای دا ناچێت و پێی ڕانەهاتووە ، بەداخەوە هەموو خەیاڵی جوانی مرۆڤی کورد بەدەوری سیمای ژن و ڕازاوەیی سروشتی ولاتەکەی دا دەسوڕێتەوە ، لە کاتێکدا هەر لە شارەکانەوە بگرە تا لادێکان هەرچی ڕێگاو بان و تەلار و خانوو و قوتابخانە و یاریگا و شوێنی کار و شوێنە گشتیەکان هەیە تەنها بۆ ئەوە دەشێن کە مرۆڤ بتوانێ بەهۆیانەوە بەردەوام بێت لە ژیان نەك ژیانێکی خۆشی پێ ببەخشن .

ڕەنگە کەسێك کە ئەو ڕاستیە دەبینێت نەبوونی نەخشەسازی و جوانکاری بگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی باری ئارامی و مێژووی پڕ لە شەڕو شۆڕی بەردەوام و مەینەتی و ئاوارەیی خەڵکی و کاولکاریەکانی ڕژێمە داگیرکەرەکان ، لە ڕاستی دا ئەمانە هۆکارێکن لەماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو ، بەڵام نەبوونی میراتێك لە جوانکاری بە درێژایی سەدان ساڵ ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێت کە کێشەی ڕاستەقینە لە نەبوونی هەستی جواناسی لای تاکەکان و بێ بایەخی هونەر لە نێو کەلتوری کۆمەڵەکەماندایە ، ئەگینا مێژووی ئێمە سەرلەبەر نائارامی نەبووە ، سەدان ساڵی تەمەنی میرنشینەکانمان میراتێکی ماددی هونەریان لە دوای خۆیان بەجێ نەهێشتووە کە لە سەداسەد کوردی بێت و بۆ ئەمڕۆشمان سودی هەبێت ،شانزدە ساڵی ناوچەی ئارام و هەلی گونجاو بۆ وەسەرخۆهاتنەوە شتێکمان لە جوانی و پوختەیی وەسەر یەك نەنا جگە لەوەی ئەقلیەتی پاتاڵچیەتی ئەوەی هەشبوو وێرانی کرد .

مرۆڤی کورد لە بێ پلانی و بێ نەخشەیی و ناڕێکی ڕاهاتووە ، چونکە پێشینەیەکی نیە لە جوانی ، جوان نەژیاوە بۆ ئەوەی جوان بینا بکات ، مرۆڤێك لە جوانی دا ژیابێت ئیتر ناتوانێ بێ جوانی بژیت . بێگومان نەبوونی جوانی لە شتێکدا واتا نەبوونی هێزی ڕاکێشانی هەستی مرۆڤ بەلای ئەو شتەدا ، نەوەی نوێی ئێمە کە هەست دەکات جوانییەك لە ولاتی خۆیدا نییە هەستی ببزوێنێت و بیبەستێتەوە پێی ناچار دەبێت بچێت بۆ شوێنك کە ئەو جوانیەی تێدا دەدۆزێتەوە ، واتا ولاتێکی تر ، کە لەگەڵ جوانیەکانی شوێنە تازەکەش تێکەڵ بوو تازە ناگەڕێتەوە تا جارێکیتر لە بێ جوانی دا بژێیتەوە ، نەبوونی جوانیەکان لە ولاتێك دا پابەندی مرۆڤەکانی ئەو ولاتە بە نیشتیمانەوە لاواز دەکات . دەبێ بزانین یەکێك لەو هۆیانەی وا لە مرۆڤی کورد دەکات ڕوو لە ولاتێکی تر و پشت لە ولاتی خۆی بکات ئەوەیە کە لە بۆشاییەکی بەتاڵ لەجوانیدا دەژیت ، شار و گەڕەك لادێیەکان و شوێنی

کارکردن و ژینگەی کۆمەڵایەتی بەگشتی هەموویان بەتاڵن لە جوانی .  هەستی جوانی لە مرۆڤدا دەبێ لە منداڵیەوە چەکەرە بکات پێش ئەوەی بە ناجوانیەکان ڕابێت ، ئەو منداڵەی لە زادگایەکی بێ هونەر و جوانی گەورە دەبێت ناتوانی کار لەسەر سڕینەوەی ناشیرینیەکان بکات . جوانی دەبێت لەنزیکترین جێ سەرنجەکانی مرۆڤەوە دەست پێبکات ، هەر لە ڕێکخستنی ناومالْ و کەل و پەلەکانی ماڵەوە بگرە تا دەگاتە نەخشەی خانوو و ڕووی دەرەوە و ناوەوەی و ئینجا باخچەی مالْ ، بەلاّم تا ئێستاش ماڵی کوردی زۆر بەکەمی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و هیچ جوانیەکی تێدا بەدی ناکرێت ، جوانی مەرج نیە لە شتە نوێ و بەهادارەکان دا بێت ، بەڵکو لە ڕێکخستنی هونەریانەی شتە سادەکاندایە ، نەبوونی جوانی لە نێو مالْ و دەوروبەری ماڵدا هیچ پەیوەندیەکی بە نەبوونی توانای بەدیهێنانەوە نییە ، بەڵکو پەیوەندی بە زەوقی مرۆڤی کوردەوە هەیە ، زۆر بەی خەڵك توانایەکی دارایی زۆر لە خانوویەکی گەورە خەرج دەکەن بەلاّم هیچ شتێك لە جوانکردنیدا خەرج ناکەن ، گرنگی بە گەورەییەکەی دەدەن بە بەلاّم جوانیەکەی نادەن ، یان گرنگی بەدروستکردنی خانوو دەدەن هەرچەندێکی تێبچێت بەلاّم گرنگی بەکەلو پەلی نێومالْ و شتی جوانکاری نادەن هەرچەند کەمیشی تێبچێت ، مرۆڤی کورد باخچەی ماڵەوە و باخچەی دەرەوەی مالْ بە شێوەیەکی وا دروست ناکات جوانی ببەخشێت هەرچەندە ڕووبەری زەویەکەشی زۆر بێت ، چونکە لای ئەو بەرهەمەکەی گرنگە نەك جوانیەکەی ، ئەو باخەکەی بۆ ئەوە دانانێت تا تێیدا بحەسێتەوە بەڵکو بۆ ئەوە دروستی دەکات تا لێی بخوات ، مرۆڤی کورد باخی تایبەت بە گوڵی نیە ، تا ئێستاش لە شارە گەورەکانی کوردستان دوکانێکی فرۆشتنی گوڵی سروشتی نیە تا مرۆڤ بتوانێت چەپکە گوڵێکی بۆنخۆش وەك دیاری بخاتە سەر مێزی هاوڕێیەکی یان سەرینی نەخۆشێك . ئەو مرۆڤەی بەجوانی ڕانەهاتووە و حەزی لێ ناکات کاتێ لەدەرەوەی ماڵیش ئەرکێکی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکات هەمان حاڵەتی زەوقی خۆی پیادە دەکات ، مرۆڤی نێو دەسەلاّت لە کوردستان هەمان مرۆڤی کۆمەڵگای کوردی جوانی نەناسە ، بۆیە هەر لە دام و دەزگاکانی شارەوانیەوە بگرە تا ئەوانەی ژینگە پارێزی پڕن لەو کارمەند و فەرمانبەرانەی کە هیچ زەوقێکی هونەری پیادە ناکەن لە کارەکانیاندا ، دەزگاکانی شارەوانی ڕێگاکان پانتر دەکەن بەلاّم جوانتری ناکەن ، ئەقلی ژینگە پارێزی و ڕواندنی درەخت و پاراستن و نەبڕین و نەشکاندنی هێشتان هەر باسێکی لێوە نییە ، باخە گشتیەکان و شوێنەوارەکان کەمترین کاری ئەندازەییان تێدا ئەنجامدراوە و سەرنجی مرۆڤ ڕاناکێشن ، پەیکەرەکان هێشتا وەکو بت سەیر دەکرێن و شوێنیان نەگرتووە لە ڕازاندنەوەی شاردا ، ئەوانەی کە دروستیش دەکرێن هەر زوو دەشکێنرێن ، تەلارەکان بەسەر یەکەوەن و هاوڕێکییان تێدا بەدی ناکرێت ، ناحەزی دیمەنی قوتابخانەکان حەزی فێربوون لای قوتابیان دروست ناکات ، جیاوازیەك نییە لە نێوان ئەو ئاژەلانەی پێویستە لەشار بەخێو بکرێن لەگەلْ ئەوانەی لە لادێ بەخێو دەکرێن ، پیسبوونی کۆلاّن و شەقام هیچ هەستێکی ناخۆش لای مرۆڤەکان دروست ناکات چونکەی پێی ڕاهاتوون ، مرۆڤی کورد ئاشنایەتی لەگەلْ وێنە و نیگار و تابلۆ و شێوەکاری دا نیە و تەنانەت تابلۆی ڕیکلامی سەر ڕێگا گشتیەکانیش هەڵدەکەنێ یان ناشیرینیان دەکات ، سەیرانگاکانی کوردستان سروشتی ترین و دەستلێنەدراوترین سەیرانگان و بێجگە لە جوانی سروشتی خۆیان جوانیەکی تریان نەخراوەتە سەر .

هەزاران شت هەیە لەو ولاتە کە دەتوانین ئاماژەیان پێ بکەین و لەسەر نەبوونی جوانی تێیاندا قسە بکەین . نەبوونی هەستی جوانی لای مرۆڤی کورد وك حالەتێکی گشتی کۆمەڵایەتی هۆیەکەی تەنها لاوازی توانای ماددی مرۆڤەکان نییە، بەڵکو پەیوەندی بە لایەنی مۆڕالی و کەلتوری مرۆڤەکان و کۆمەڵگاوە هەیە ، ئێستە جولانەوەیەکی کەم هەستی پێدەکرێت بۆ پەیدابوونی ئەو هەستە بەلاّم هێشتان هێز و ووزەی پێویستی نیە، ئەو جوانیە کەمانەی کە ئێستە هەن لەپەنای ناشیرینیە زۆرەکاندا ونن ، بۆ بیرکردنەوە لە چارەسەری ئەو حالەتە کۆمەڵایەتی و دەروونیەش لای مرۆڤی کورد پێویستی زۆرمان بە لێکۆلینەوەیەکی قووڵی سۆسیۆلۆژی و دەرخستنی ڕەهەندە مێژوویی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی هەیە ، ئەمەش ئەرکی دام و دەزگا حکومی و مەدەنیەکانە بەتایبەتی دەزگا ڕۆشنبیریەکان و زانکۆکان .